# حەسەن شەریف کۆبەرهەمی (ئاوازێن شۆڕەشێ) بڵاو دەکاتەوە

**لە کۆبەرهەمێکدا کە زۆربەی سروود و گۆرانییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لەخۆ دەگرێ، بە ناوی (ئاوازێن شۆڕەشێ) بە سپۆنسەریی لاوی هونەردۆست زیندان مووسا ئۆرەیی و دیزاینکردنی نووسەر و رۆژنامەڤان عیسا بۆتانی و تەکنیکی دەنگ و ریکۆرد و چاپی هونەرمەندی ناودار هاروون ئاتامان، هونەرمەندی پێشمەرگە (حەسەن شەریف) ئەلبوومێکی تازەی بڵاو کردەوە.**



ئەم بەرهەمەی سترانبێژ (حەسەن شەریف) بیست و هەشت تراك لەخۆ دەگرێ و لە سەرجەم ئەو سروود و گۆرانییانە پێکهاتووە، کە لە دوای سەرهەڵدانەوە بۆ نیشتمان و بەرخودان و کوردایەتی و خۆشەویستیی کورد و کوردستان چڕیویەتی، ئاوازێن شۆڕەشێ چەپکە گۆرانییەکە کە بۆنی ساڵانی خەبات و چەرمەسەری و خەونی ئازادبوون و سەرفرازی لێ دێ.

لەسەر کەڤەری ئەلبوومەکە حەسەن شەریف نووسیویەتی: «ئەم ئەلبوومە لە گۆرانییە نەتەوەییەکانی ئێمە پێکهاتووە، کە بە درێژایی پتر لە سی ساڵ لە ناو بەرهەمەکانی پێشوومدا گوتوومە، بەم کۆبەرهەمە ویستمان رەنجی چەندین ساڵەی خۆمان لە بواری هونەری شۆڕەش و بەرخودان و وڵاتپارێزیدا بکەینە دیاری بۆ بیسەران و تێکڕای گەلی خۆمان، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێپایانی خۆم ئاراستەی برای دڵسۆزم زیندان مووسا ئۆرەیی بکەم، کە سپۆنسەری و تێچووی بەرهەمەکەی لەئەستۆ گرت، ئەگەر رەنج و خەمخۆری و دڵسۆزیی ئەو نەبا، ئەم کۆبەرهەمە رووناکیی نەدەبینی، هەروەها سوپاسی




ئا: ژەنیار بۆتانی

بێپایان بۆ ڕۆژنامەڤان و دیزاینەری دەسترەنگین کاك عیسا بۆتانی کە زۆربەی گۆرانییەکانی ئامادەکرد و کەڤەری ئەلبوومەکەی بە جوانترین شێوە نەخشاند، دیسان پێمخۆشە سوپاسی هاوڕێی هونەرمەندم کاك هاروون ئاتامان بکەم، کە لە رووی تەکنیکی دەنگ و چاپکردن و ڕێکحستنی گۆرانییەکان لێهاتوویی خۆی نواند».

حەسەن شەریف ئەوەشی گوتووە کە «هونەر و ستران بە هێزی ئافراندن دەتوانن پارچەکانمان کۆ بکەنەوە، گۆرانی تەنیا هەڵڕشتنی حەسرەت و هیوا نییە، بەڵکو دەتوانێ مرۆڤ و نیشتمان بۆ یەکتری بنیات بنێ».

لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکەش، زیندان مووسا دەڵێ: «ئێمە دەمێکە شەیدای هونەری شۆڕش و بەرخودانین و زۆر حەزمان لە دەنگ و سەدای هونەرمەندی پێشمەرگە (حەسەن شەریف)ـە، ساڵانێکە گوێبیستی دەنگی ئەم هونەرمەندە مەزنەین، وەك هونەردۆستێك ویستم خزمەتێك پێشکەشی گەلەکەم و هونەری ڕەسەنی نەتەوەکەم بکەم، ئەوەبوو هەستاین بە کۆکردنەوەی سەرجەم سروود و گۆرانییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی حەسەن شەریف، لە کۆبەرهەمێکدا، کە دوو (سی دی) لەخۆ دەگرێ، بە دیزانێکی جوان و کوالێتییەکی بەرز، لە ئەستەنبووڵ چاپ و بەرهەم هات، لە هونەرمەند و بیسەران و هەمووان پیرۆز بێ، پەنا بە خودا لە داهاتوودا کاری جوانتریش بۆ حەسەن شەریف دەکەین، ئەو دەنگی شۆڕش و بەرخودان و دۆزی نەتەوەییمانە».

شایانی وەبیرهێنانەوەیە، حەسەن شەریف وەك هونەرمەندێك لە سەرەتای هەشتاکانی سەتەی رابردوو بە هۆی هەڵوێستی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەی خۆیەوە، کە هەمیشە لە ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا گۆرانیی شۆڕشگێڕیی دەگوتەوە، پیاوانی رژێمی بەعسی لەناوچوو بەدوایەوە بوون و دەیانویست دەستبەسەری بکەن، بەڵام ئەو توانی رزگاری ببێ و پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستانەوە بکات و هونەر و هەڵوێستی خۆی لە پێناو کورد و کوردستاندا درێژە پێ بدات، لەو ماوەیەدا و هەتا ئێستا دەیان بەرهەم و سروود و گۆرانی بۆ خاك و ئازادی و خەون و ئامانجەکانی گەلی کوردستان بە دەنگە زوڵاڵەکەی چڕیوە.

# بیونسی دیارییەک پێشکەش بە کۆبی براینت دەکات

ژمارەیەك ئەستێرەی وەرزشی و هونەری و کەسایەتیی سیاسیی جیهانی، بەشدارییان لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی ئەفسانەی تۆپی سەبەتەی جیهانی (کۆبی براینت)دا کرد، یەکێك لەوانەش خانمە ئەستێرەی ئەمریکی (بیونسی) بوو.

لە مەراسیمەکەدا بیونسی یەکێك لە بەناوبانگترین گۆرانییەکانی خۆی پێشکەش کرد، کە لەلایەن کۆبی براینتەوە ئامادە کرابوو، بەڵام بیونسی هەندێك گۆڕانکاریی لە تێکستەکەیدا کرد بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەشوهەوای خەمناکی مەراسیمەکەدا بگونجێت و پێشکەشی ڤینسیای هاوسەری براینتی کرد.

سەبارەت بەم هەنگاوەی بیونسی فانەکانی لەسەر تویتەر ستایشی ئەم هەنگاوەیان کرد و ئاماژەیان بەوە کرد، کە بیونسیە یەکێکە لە هونەرمەندە بەڕێزەکان و خاوەن ڕۆحێکی مرۆییە و هەمیشە هەست بە ناخۆشی و خەمی کەسانی دەوروبەری خۆی دەکات.

کۆبی براینتی ئەفسانەی تۆپی سەبەتەی جیهانی لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکەی خۆی و کچە تەمەن ١٣ ساڵییەکەی (جیانا) گیانیان لەدەستدا، یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی بیونسی و هەمیشە ئامادەی کۆنسێرتەکانی دەبوو، بە هەمان شێوە بیونسیش بەپێی توانا هەوڵی دەدا، کە یارییەکانی کۆبی براینت لە دەست نەدات.

لەلایەکی دیکەوە بیونیسی چەند وێنەیەکی بلوئیڤی کارتەری کچەکەی خۆی بڵاوکردەوە، کە ئەویش ڕووی لە بواری گۆرانی کردووە و بەم دواییانە توانیی لە میانەی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (NAACP Image Awards) خەڵاتێکی گەورە بەدەست بهێنێت، بەم بۆنەیەوە بیونسی ڕایگەیاند کە کچەکەی مایەی شانازییە و بەم خەڵاتە خۆشحاڵی کردوون، هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواست.



## نەوال پیاوێ

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی (نەوال زوغبی) ڕایگەیاند کە ئەو ئێستا دایکێکی سینگڵە و، سێ مانگ لەمەو پێش بە شێوەیەکی فەرمی لە (ئیلی دیب)ی هاوسەری جیا بووەتەوە.

لە دیمانەیەکدا نەوال باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی کردووە و دەڵێت: «بەداخەوە ئێستا من لە حاڵەتی خۆشەویستیدا ناژیم، هەستێکی خۆش دەبێت کاتێك ئێستا من کەسێکی گونجاوم خۆش بوێت، بە جۆرێك کە تێگەیشتنی لەگەڵم هەبێت و بمپارێزێت و منیش هەست بە سەقامگیری بکەم».

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەی کە دەیەوێ پەیوەندیی لەگەڵدا هەبێت، نەوال گوتوویەتی: «هیوادارم پیاوێکی ڕاستەقینە بێت، هەروەها هەوڵ نەدات خۆی بەسەر مندا بسەپێنێت، بەڵکو لە ژیاندا پاڵپشتم بێت، دەمەوێ کەسێك بێت کە بە خۆشەویستی و ڕێزەوە لە ئامێزم بگرێت، بە جۆرێك کە لە باوەشیدا هەست



## شیلپا شیتی:
# ریجیم وەک ژیانی هاوسەری وایە

ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد (شیلپا شیتی) سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنی سەروو (٤٠) ساڵە، بەڵام بەهۆی رێکی و جوانیی لەشولاریەوە، ئێستاش بە نموونەی جوانی و رێکی لەشی ناسراوە و زۆر جار لە دیمانەکاندا پرسیاری هۆکاری رێکی و جوانی لەشی لێ دەکرێت.

لەم بارەوە شیلپا دەڵێ: «بێگومان بۆ ئەوەی لەشی ئافرەت بە جوانی و سەرنجڕاکێشی بمینێتەوە، پێویستە چەند هەنگاوێك ئەنجام بدات، لەوانە رێکخستنی خواردن و زۆر خواردنەوەی ئاو، ئەنجامدانی وەرزش بە شێوەیەکی رێکوپێك و بەردەوام، پەیڕەوکردنی سیستمێکی دیاریکراوی خواردن، کە هۆکارێکی سەرەکیی جوانیی ئافرەتە».

دەربارەی ئەو رێجیمەی کە لە ژیانی رۆژانەیدا پەیڕەوی دەکات، شیلپا دەڵێ: «رێجیم کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان کە ئارامییەکی زۆری پێویستە، بە شێوەیەکی گشتی رێجیم وەك ژیانی هاوسەریی وایە، کەس ناتوانێت فێڵی تێدا بکات، چونکە ئەگەر فێڵی تێدا بکەی، سەرکەوتوو نابی، من پشتگیریی ئەو کەسانە ناکەم کە زیاتر پەنا بۆ ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی دەبەن و دواتریش ئەو مەشقانە پشتگوێ دەخەن، چونکە ئەگەر کەسێك دەستی بە مەشقی وەرزشی کرد، پێویستە بە جددی ئەنجامی بدات و پشتگوێی نەخات، چونکە ئەو شێوازە هەڵیە و لە کۆتاییدا زیانی زیاتر بێت.

شلیپا کە هاوسەری بێزنسمانی ناسراوی هیندستان (راج کۆندرای)یە و خاوەنی منداڵێکە، ماوەی ١٣ ساڵە لە کاری هونەری دوورکەوتۆتەوە، سەبارەت بە هۆکاری جوانی و رێکیی لەشی خۆی دەڵێ: «هیچ کاتێك مەشقی وەرزشی و خۆراکی تەندروست و ئەو رێجیمەی بۆ خۆمم دامناوە، پشتگوێی ناخەم و گرنگیی زۆریشی پێ دەدەم، تەنانەت ئەگەر لە گەشتیشدا بم، هەمیشە هەوڵ دەدەم لە شیرینی و چەوری دوور کەومەوە و، بەپێی بەرنامە ژەمە خۆراکەکانم دابەش کردووە، خواردنەوەی ئاو زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئافرەت هەمیشە جوان و رێك بێت».



## ـــــــکی چۆنی دەوێ؟

بە ئارامی بکەم».

نەوال باس لەوە دەکات کە بە ئافرەتێکی بەهێز دادەنرێت، لەو بارەشەوە دەڵێت: «لە ژیانمدا هەڵبەز و دابەزی زۆر هەبووە، ئەمانەش وایانکردووە کە لە ژیاندا کەسێکی بەهێز و شارەزا بم و هەوڵم داوە کە رێگا نەدەم هیچ کەسێك بیر لە ئازاردانم بکاتەوە».

هەروەها تیشك دەخاتە سەر کارە هونەرییەکانی و بواری نواندن، لەو رووەشەوە دەڵێت: «زۆر جار داوام لێ کراوە کە لە بواری نواندندا کار بکەم، بەڵام رەتم کردۆتەوە، چونکە ئەمە کاری من نییە، سەبارەت بە گۆرانی وتنیش لە ئێستادا لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا خۆم ئامادە دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی نوێ، هەروەها پلانێکم هەیە سەبارەت بە دووبارە تۆمارکردنەوەی بەشێك لە گۆرانییە کۆنەکانم، بەڵام تا ئێستا کاتم دیاری نەکردووە.


**سەرچاوە:**


**رۆژنامەی «القدس»**

# یەک تابلۆ بە ساڵێک

ئێمە نازانین هونەرمەندانی چاخەکانی دێرین لە دروستکردنی شاکارەکانی خۆیاندا چەند کاتیان بەسەر بردووە، گەورەهونەرمەندانی سەردەمی رێنیسانس لە ئەورووپا، بۆ تەواوکردنی شاکارێکی هونەری، بە ساڵ کاتیان لە تەمەنی خۆیان خەرج کردووە. بۆ نموونە (مایکل ئەنجیلۆ)ی ئیتاڵی لە رازاندنەوەی میچی کڵیسای سیستان چوار ساڵی تەمەنی خۆی بۆ نەخشاندنی ٣٠٠ وێنە خەرج کرد، ئەوە کاتێك لە رابردوودا کە ریتمی ژیان هێور و هێدی بووە، بەڵام لەم رۆژگارەدا کە ریتمی ژیان زۆر خێرایە و تا دێت خێراتریش دەبێت، ئاخۆ هیچ هونەرمەندێك هەیە بتوانێت کاتێکی زۆر بۆ کێشانی تابلۆیەك تەرخان بکات؟ رەنگە کەم کەس هەبن بزانن کە هونەرمەندێکی کورد لە تاراوگە یەك ساڵی تەمەنی بۆ نەخشاندنی یەك تابلۆ تەرخان کردووە. محەمەد ئیسماعیل ئەو هونەرمەندە کوردەیە کە تابلۆیەکی بە یەك ساڵ تەواو کردووە، ئەمەش بۆ خۆی چیرۆکێکی هەیە.

ئا/ تاریق کارێزی





ئەم هونەرمەندەی کوردستان لە قەڵای هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵانی نەوەد لە سەدەی رابردوو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێری تەواو کردووە، هەر لە سەرەتاوە یەکێك بووە لە دەرچووانی خوێندنی ئەکادیمی، کە هەوڵی دەدا رچەشکێنی بکات و ئەزموونی نوێ لە بواری هونەری نیگاردا بخاتە روو.

ئەو هونەرمەندە دوای ئەوەی خێزان پێکەوە دەنێت، خودا کوڕێکی پێ دەبەخشێت، کە تووشی ئۆتیزم دەبێت، ئەم دۆخە دژوارە وای لێ دەکات کە خۆی لە داری ئەستەم بدات، بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کوڕەکەی بدۆزێتەوە، رەوشی ئەو کاتی کوردستان ناجۆر و پڕ لە کێشە و کەم و کورتی بوو، تەنیا رێی بەردەمی بۆ چارەسەرکردنی کوڕەکەی، کۆچکردن بووە بەرەو هەندەران، بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانێت چارەسەری بکات، ئیدی لێرەوە چیرۆکی بابەتەکەی ئێمە دەست پێ دەکات.

ئەگەر باوەڕمان وا بێت، بەرهەمی بەرزی هونەر زادەی خەم و خەون و خولیایەکی مەزن و قووڵە، ئەوا بۆ هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل نەخۆشیی کوڕەکە دەبێتە ئەو خەم و خولیا مەزنە، کە لە کوردستانەوە بڕیار دەدات بۆ ساغکردنەوەی ئەو خەم و خولیایە لە دەرگای ئەستەم بدات، هەستی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستی لە لای هونەرمەند کە زۆر وابەستەی هەست و هەستیارییە، لە ئاستێکی باڵادایە، ئەو هەستەش لە رێی هونەرەوە خۆی دەنوێنێت، کە من پێم وایە لە تابلۆ پۆرترێتی کوڕەکەیدا، محەمەد ئیسماعیل بە قووڵی ئەو هەستەی بەرجەستە کردووە. وەك دەڵێت: «من دەمتوانی لە ماوەیەکی کەمدا ئەو تابلۆیە تەواو بکەم، بەڵام ویستم و بڕیارم دابوو، کە هەرچەندی کاتی بوێت، بۆی تەرخان بکەم»، تابلۆکەش بریتییە لە پۆرترێتی ئەو کوڕەی خۆی کە تووشی ئۆتیزم هاتووە. شاراوە نییە هەستی بەرپرسایێتیی و باوکایەتی تێکەڵ بە هەستی مرۆڤدۆستانەی ئەم هونەرمەندە بووە، بۆیە زۆر بە شێنەیی بۆ تەواوکردنی ئەو پۆرترێتە دانیشتووە، کە هاتووە و وەك بەڕە و مافووری کوردی ورد ورد نەخشاندوویەتی، تابلۆکە لە دوورەوە بە پۆرترێتێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام هەر کە لێی دەچیتە پێش و لێی ورد دەبیتەوە، دەبینیت محەمەد ئیسماعیل هەرچی نەخش و سیمبول و فۆرمی نێو مافووری کوردی هەیە، هەمەجۆر رەنگی نێو ئەو مافوورەی لە کێشان و چنینی ئەو تابلۆیەدا بەکار هێناوە، رووبەری پێکهێنەری تابلۆکە هەر رەنگ نییە، بەڵکوو پەکپارچە نەخش و نیگارستانە. ئەم پۆرترێتە لە پاشخانی هەستی باوکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەبینین هونەرمەند گوێی بەوە نەداوە چەند کاتی دەوێت، تا رادەی ئەوەی کە یەك ساڵی تەمەنی بردووە، ئەو وردەکارییەی لە تەواوکردنی ئەو تابلۆیەدا کراوە، بەرزی دەکاتەوە تا رادەی ئەوەی کردوویەتی بە شاکارێکی هونەریی ئەوتۆ، شایستە بەوەیە کە گۆشەی مۆزەخانەیەك ئاوەدان بکاتەوە.

